ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# درۆی نیسان رۆژێکی راستگۆیی لە ( ٣٦٤ ) رۆژی درۆکردن

فاضل قەرەداغی

*رۆژنامەی راپەرین/ ژمارە ( ١١) سالی یەکەم ١٩٩٨/٤/٦ لاپەرە ٨*

یەکەم رۆژی مانگی نیسان ئەو رۆژەیە کە رێگە دراوە درۆی تیا بکرێت، ئەمەشمان لە رۆژئاواوە بۆ هاتووە هەروەکو هەموو شتەکانی تر لەپەرلەمانەوە تا سترێچی خانمەکانمان. لەو رۆژەدا بۆمان هەیە درۆبکەین.. دوایی هەر خۆت دەڵێیت: درۆم کرد.. درۆی نیسانە.. هاهاها.

لە ( ٣٦٥) رۆژ رۆژێکت هەیە تێیدا درۆبکەیت ئەمەش لەم سەردەمەی کە درۆکردن هەموو (رەقم قیاسی)یەکانی شکاندووە. لەم سەردەمەدا جوانترین و خۆشترین ناو و هێماو دروشم لای خەڵك هەڵبژێرەو بیکە بە ملیوانی کراسەکەتدا، لەژێرەوەش بەئارەزووی خۆت کار بکە. ئەگەر ئەوەندەی ئەمەریکا بەدەسەڵاتی بەبەرزترین دەنگ بقیڕێنە: دیموکراسی ، ئازادی، مافی مرۆڤ.. پاشان پشتی دیکتاتۆریترین رژێم بگرەو بەری مەدەو ئازادی بەو کەسانە بدە کە خۆت پێت خۆشە( وەك سەلمان روشدی)و ئەو ولاتەش کە دوژمنتە بەرەوای مەزانە ((مافی جووجەڵە)) بە خەڵکەکەی بدەیت نەك (مافی مرۆڤ).

ئەم سەردەمەمان درۆزنترین سەردەمە مرۆڤایەتی دیویەتی چونکە لەهەموو سەردەمێك زیاتر دروشمی بریسکەدار بەرزکراونەتەوەو لە هەمان کاتدا گەورەترین ململانە بۆ سەروەریی زلهێزەکان بەرپا دەکرێت. ئەو (دروشمانە)ش پێکەوە ناگونجێن بۆیە پێویستە ئامانجەکان بەدی بهێنرێت و زرم و هورِی ئەم ئامانجەش بەقیژو هۆرِی ئەو دروشمانە داپۆشرێن.

خەڵکیش ئەوەندە سادەن دەڵێن رۆژێك هەیە بۆ درۆکردن؛ نەخێر تەنها یەك رۆژ هەیە کە درۆ بکرێت و پاشان بوترێت: درۆم کرد.. درۆی نیسانە .. ( ٣٦٤) رۆژەکەی تریش درۆ بکرێت و بوترێت: قەسەم بە خوا راست دەکەم.